ساڵیادی کارەسات و جینۆسایدی ئێزیدییەکانی شنگال دەکرێتەوە

ئەمڕۆ شەممە ساڵیادی کارەساتی شنگال دەکرێتەوە، بە یەکێک لە قێزەونترین تاوانی کەمەکوژی دژ بە مرۆڤایەتی لە سەردەمی مەدەرندا دادەنرێت، کە لە 3ـی ئابی 2014، گروپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هێرشیان کردەسەر ناوچەکانی شنگال و بە دەندەیی تاوانیان بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کوردی ئێزدی ئەنجامدا کە ئەم کەمەکوژیە بە جینۆسایدی ئێزدییەکان دەناسرێتەوە کە هەموو ساڵ لە 3ـی ئاب یادی ئەم کەمەکوژیە دەکرێتەوە.

ئەمڕۆ شەممە 3ـی ئابی 2024 لە شارەکانی سلێمانی و سەران و شارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان یادی جینۆسایدی ئێزدییەکان دەکرێتەوە.